www.kurdistannet.org
5-10-2007 23:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دڵی زامدار ... نیان بابان

پرسیم لەدڵ
مودەتێکە ئاڵۆزاوە بیری خاوم!!
ئاخۆ ئەبێ هۆی ئەمەبێ،
ئەو کورە کوردەی خۆشم دەویست
ئێستا لەیەك دابراوین، نیگای نایەتە بەرچاوم!!
خۆمن زۆر بەشوێنیا گەرام
زۆر فرمێسکی گەشم بۆ رشت
زۆر هەواڵم بەزۆر کەس نارد
کە پێی بڵێن من بە عەشقی ئەو سوتاوم...
وتم بەدڵ خۆت ئەزانی
یەکەم وانەی وەفاو ئەوین
ئەو رواندی
لەناو کێڵگەی تۆی بڕ برین
دڵ وتی پێم
بیرت ئەڵێ...
من کە ئێستا واشێواوم
لەم غوربەتە مەکۆی گشت خەمو زوخاوم
لە تاو باڵاو چاوو کولمی
لاوێ نیە وا سواتاوم.
من دەزانم ئەوەی ئەوین بێ بەدەردی
گەرم نابێ ئاهی سەردی
دەرون کورەی هەردی لێدێ
شێواوی من بۆ ئەوەیە..
ئەو دڵدارەی کە ئێستاکە
لەغەریبی لەمن دورە
بۆنی خاکی کوردی لێدێ

هۆڵندا
niyan_baban@Hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.